# تەواوی پاراستنی هێڵی نەوتی عێراق - تورکیایان لە ئەستۆدایە..بەغدا مامەڵەی شایەن بەخۆیان ناکات

# بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوتی باکور: ئەگەر سستیمان لەگەڵدا بکەن و ئەو مامەڵەیەی شایەنمانە نەیکەن ئەوکاتە قسەو کارو ئیجرائاتی خۆمان دەبێت



هێزی پۆلیسی نەوت ئەو هێزەیە کە لەساڵی ١٩٥١ دامەزراوەو بەهاتنی پرۆسەی ئازادی ئەو هێزەش وەك هێزەکانی تری سەردەمی بەعس لەبەریەك هەڵوەشاو هەموو دامەزراوە نەوتیەکان کەوتنە دەست قەدەرەوە. بەلام هەمووی چەند رۆژێکی نەبرد دووبارە درووستکرانەوەو تا رۆژی ئەمرۆمان نمونەیەکی چاکی وەفاداریو گیانبەختکردنیان نواندووە لە پێناوی پاراستنی دامەزراوە نەوتیەکانی کە شادەماری ئابوری وڵاتەکەمانە.

بۆ زیاتر ووردەکاری سەردانی بەڕێز عەمید سامی ئەمین عوسمان شوانی بەڕێوەبەری دامەزراوە نەوتیەکانی باکورمان کردو ئەم چەند پرسیارەمان ئاراستەی کرد.

**گفتوگۆ/ فەرهاد هەمزە محەمەد**

*** ئەوقۆناغانە چین کە هێزەکانتان لە دوای پرۆسەی ئازادییەوە پێیدا تێپەڕبوون؟**

**عەمید سامی ئەمین :** لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ هێزێك پێك هات کە هێزێکی عەشایەری بوو و تا مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ لە کاردا بوون، کە دوای ئەو کۆمپانیایەکی ئەمریکی بەناوی (PBR)ەوە پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکانی گرتە ئەستۆی خۆی، دواترو لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤ کۆمپانیایەکی بەریتانی تایبەت بە پاسەوانی بەناوی (ئێرنس) ئەرکەکەی وەرگرتو تا کۆتایی ئەو ساڵە بەردەوام بوو، ئەرکی ئەم کۆمپانیایە بریتی بوو: یەکەم/ پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان. دووەمیشیان ئامادەکردنی ئەو هێزە بوو کە دواتر بتوانێت ئەرکی پاراستنی بەچاکی وەربگرێت، لە رۆژی ١/ ١ /٢٠٠٥ بڕیارێکی وەزاری لەلایەن (ثامر غضبان) وەزیری ئەوسای نەوتەوە دەرچوو، بەپێی ئەو بڕیارە هێزێك پێکهات بەناوی پاراستنی دامەزراوە نەوتیەکانەوە کە لە سێ بەڕێوبەرایەتی پێکدێت: باکوورو ناوەڕاستو باشور، بەڕێوبەری گشتیش لە بەغدا بوو، کارکردنەکەش بە گرێیەبەست بوو تا ئەوە بوو لە ٢٥ /٣ /٢٠٠٧ فەرمانێك لەسەرۆکایەتی وەزیرانەوە دەرچوو بەناردنی ئەم هێزە بۆ سەر میلاکی وەزاەتی ناوخۆی عێراق، دوای ساڵێك و چەند مانگێك لە ٢٣ /١٢ /٢٠٠٨ بڕیاردرا (٥٥٦٣) پاساوان بکرێت بە پۆلیس لەسەر میلاکی وەزارەتی ناوخۆ بە زیادبوونی مووچەکانیانەوە وەزامن کردنی هەموو مافێکیان.

*** سنووری دەسەلاتی جوگرافیتان لە کوێوە بۆ کوێیە؟**

**عەمید سامی ئەمین :** سەبارەت بە پۆلیسی نەوتی باکوور چەندین دامەزراوەی نەوتی هەیە کە (٩٨) جێگەی نەوتییە لە کەرکوك و موسڵ و سەلاحەدین و ئەنبار لەگەڵ پاراستنی، ئەمە وێرای پاراستنی ١٨٠کم لە لوولەی نەوتی کە لە موسڵەوە دەردەچێت تا ئەگاتە سەر سنووری تورکیا، لەم شوێنەوە راستییەکتان پێ دەڵێم کە ئێمە نەبووینایە نەوتی کەرکوك دەوەستاو رەوانەی دەرەوە نەدەکرا، لەمانگی ٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٧ توانیمان چوار فەوج درووست بکەین بۆ پاراستنی ناردنە دەرەوەی نەوت ، پێش ئەو مێژووە نەوت بە سەعات دەرۆیشتە دەرەوە هەر ماوەی جارێك کاری تیرۆریستی تێدا روویدەداو رۆیشتنی نەوت رادەوەستا و ئێمە بەم کارەمان موجازەفەیەکی گەورەمان کرد چونکە ئەمریکییەکان و حکومەتی عێراق خۆیان لەم کارە پاراست، ئیستا رۆژانە ٤٠٠ هەزار بەرمیل دەڕواتە دەرەوە کە سوودێکی باشی بۆ عێراق و کەرکوك هەیە.

*** ژمارەی ئەفسەرو پۆلیسەکانتان چەند دەبن؟**

**عەمید سامی ئەمین :** سەرجەم ٨٢٠٠ پۆلیسن بە هەر چوار پارێزگاکانەوە (کەرکوك، موسڵ، ئەنبار، تکریت).

*** کێشەی ئەو ئەفسەرانەی بەگرێبەست ماونەتەوە چی بەسەرهات؟**

**عەمید سامی ئەمین :** تا ئێستا لەسەد دەرگامان داوە، لە هەرێمی کوردستان و بەغدا، هەر خۆم شەش جار چوومەتە وەزارەتی ناوخۆ ئەنجامی باشی بەدەست هێناوە، لە رۆژی ١٩ /٢/ ٢٠٠٨ لیژنەیەك لە وەزارەتی ناوخۆی بەغداوە سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد، لەوێ کۆبوونەوەیەك ئەنجامدرا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەو ئەفسەرانەی لە هەرێمی کوردستانەوە هاتوون و لە کەرکوك دەوام دەکەن کە ژمارەیان خۆی لە ٢٠٠٠ ئەفسەر دەدات و چارەنووسیان نادیارە، بێگومان ئەفسەرەکانی ئێمەش لە چوار چێوەی ئەو ژمارەیەیە. لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە شاری هەولێر بەسترا بە ئامادەبوونی لیوا جیهان لە حکومەتی مەرکەزی، لیوا بەختیارو لیوا حەمە سەعید لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرماندەی پۆلیسی هەولێر و سلێمانی رێکەوتنێکیان ئیمزا کرد کە لە بڕگەی چواردا دەڵێت ئەفسەرەکانی هەرێمی کوردستان هەمان مامەڵەی ( دمج المليشيات) یان لە گەڵدا بکرێت، ئەم رێکەوتنەش لە ١٢ /٢ /٢٠٠٩ ئەنجامدرا، بە پێی ئەم رێکەوتنە چۆن مامەڵەی میلیشیاکانی باشووریان کردو خزینرانە ناو سوپاو پۆلیسەوە هەمان مامەڵەش لەگەڵ ئەفسەرەکانی هەرێم بکرێت، دوای ئەم رێکەوتنە نووسراوێکمان لە بەغداوە بۆ هاتەوەو داوادەکات ئەفسەرەکان ئامادە بکرێن و لیژنەیەك لە بەغداوە سەردانیان دەکات.

*** ئەگەر ئەوکاتەش نەکرا هەڵوێستان چی دەبێت؟**

**عەمید سامی ئەمین :** سەبارەت بە ئێمە ئەگەر سستیمان لەگەڵدا بکەن و ئەو مامەڵەی شایەنمانە نەیکەن ئەوکاتە قسەو کارو ئیجرائاتی خۆمان دەبێت بۆ نموونە لەمانگی ١٢ ساڵی پار پۆلیس خۆپیشاندانی کرد بۆ چەسپاندن ئەوە بوو ئەنجامی باشی لێکەوتەوە چەسپێنران (تثبيت)، ئێمەش وەکو ئەفسەران زۆرمان پێشمەرگەی کۆنین و شادەماری ئابووری عێراق بە دەستی ئێمەوەیە وا لە حکومەتی مەرکەزیی دەکەین ئیجرائاتی باشمان لەگەڵدا بکات.

*** تا ئێستا هێزەکانتان چەند جار دووچاری کاری تیرۆریستی بوونەتەوەو چەند قوربانیتان هەیە؟**

**عەمید سامی ئەمین :** تا ئێستا ٨٩ شەهیدمان داوە، سێ رووداوی گەورەمان بەسەر هاتووەو تیایدا ژمارەیەکی زۆر پۆلیسمان شەهید بووە یەکێکیان لە کەرکوك ٧ شەهید، لە موسڵ ١٠شەهید ، لەبێجی ١١ شەهید، بۆ وەفاداری و رێزگرتن لەو شەهیدانە لەو خولانەی بۆ پۆلیس دەکرێنەوە ناوی ئەو شەهیدانەی لێ دەنێین.

***لە پاڵ هێزەکانی ئێوەوە هێزی سوپای مەدەنی هەیە بۆ پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان، چۆن ئەرکەکانتان دابەش کردووە؟**

**عەمید سامی ئەمین :** بۆ ناردنە دەرەوەی نەوت لە سنوری کەرکوك تا سنوری تورکیا ٣٤٥ کیلۆمەترە لە کەرکوکەوە تا شوێنێك نزیك موسڵە پێی دەڵێن (مفرق حضر) پاراستنی لە ئەرکی سوپای عێراقدایە، بەلام لەو خاڵەوە تا سنوری تورکیا کە درێژی یەکەی ١٨٠ کیلۆمەترە هێزەکانی پۆلیسی نەوت دەیپارێزێت.

هەرچی بیرە نەوتەکانە ئەرکی هێزی مەدەنی یە کە بە گرێ بەست کاردەکەن.

***بەغداد چۆن مامەڵەتان لەگەڵدا دەکات؟**

**عەمید سامی ئەمین :** ئێمە بەڕێوەبەرایەتیەکی تازەین و چووینەتە سەر وەزارەتی ناوخۆ تائێستا یەك نوێنەریان نەهاتووە، بۆ سەردانمان، لێمان بپرسن سەبارەت بە ئیش و کارو پێویستیەکانمان، بەدواداچوون لە بەغداوە زۆر کەمە لە ساڵی ٢٠٠٧ دەسەڵاتەکانمان زیاتر بوو لە ئێستا کاتێك پۆلیسەکانمان لەسەرکار دەرکران دەمانتوانی یەکێکی تری لە جێگە دابمەزرێنینەوە، بەلام ئێستا رێگە نادەن، ئەو کاتەی لەسەر وەزارەتی نەوت بووین هەموو دەسەڵاتێکمان پێدرابوو، بەلام ئێستا وەزارەتی ناوخۆ ئەو دەسەلاتەی لێ سەندوینەتەوە.

# هەوڵدەدەن پێگەی خانمان لەباری ئابوورییەوە بەرز بکەنەوە

# بەڕێوەبەری سەنتەری کەرکوک بۆ خانمانی پیشەدار: بەهۆی نەبوونی زەویو رۆتنیی ئیدارەوە پرۆژەی کارگەیەکی درووومانی گەورەمان دواکەوت



**کە دەچیتە نێو بیناکەوە، هەر لەبەردەم دەرگای حەوشەوە کە زۆر پاك و خاوێن و بێدەنگە، هەست بەئارامی دەکەی، کە زیاتریش دەچیتە ژوورەوە بۆ نێو ژوورەکان، کۆمەڵێك خانم وەك هەنگ سەریان ناوەتە سەر مەکینەی درووومانەکانیانەوە، یان لەژوورێکی تردا کۆمەڵێکی تر خەریکی چنین و کاری وردەکاری میروو زەنگیانەن.. یان وەك پەپوولەئاسا لە مێزێکەوە دەفرنە سەر مێزێکی تر و دەچرپێنن بەگوێی یەکتردا کە ئاخۆ کام شێوە جوانترە لەوی تر بۆ نەخشەکانیان.. ئەمە بینای (سەنتەری کەرکوکە بۆ خانمانی پیشەدار)، بەڕێوەبەری ئەم سەنتەرە خاتوو (عالیە رەشید )ە کە خاوەن بروانامەی بەکالۆریوسە لە زمانی ئینگلیزی، خوێندنی مافی مرۆڤی لە زانکۆی ئینسکلۆپیدی نەرویجی تەواو کردووە، زیاتر لە نۆ ساڵ خزمەتی لە بواری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بواری خانماندا هەیە.**

**(کەرکوکی نوێ) ویستی لە میانی ئەم دیمانەیەدا بەڕێوەبەری سەنتەرەکە تیشك بخاتە سەر کارو ئامانج و بەرنامەی ئێستا و ئایندەیان.**

**ـ دیمانە/ ئومێد مەحمود ـ**

*** لەمیانی ئەو نۆ ساڵەی خزمەتکردنتدا لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، ئایا تەنها لە بواری رێکخراوەکانی ژناندا کارت کردووە؟**

**عالیە رەشید:** زیاتر لەو بوارانەدا کارم کردووە کە گرنگییان داوە بە یەکسانی جێندەری و رۆڵی ژن لە میدیاو رابەرایەتیکردنی سیاسی، هەروەها ئەو رێکخراوانەی دژی توندوتیژی بوونە دژ بە ژنان و داکۆکیان لە مافی مرۆڤ کردووە، کارو بەشداریم کردووە..

*** لە چ ساڵێکەوە لەم رێکخراوەیەدا کار دەکەی؟**

**عالیە رەشید:** لەساڵی ٢٠٠٨ ەوە .

*** ئایا سەرەتا کەلێرەدا دەستبەکاربووی، وەك بەڕێوەبەر دەستت بەکارکردن کرد؟**

**عالیە رەشید:** بەڵێ .. پێشتر هەر لەهەمان بواردا کارم کردبوو، لێرەشدا بەهەمان شێوە وەك لەپێشدا ئاماژەم بۆ کرد لەو بوارانەدا کارم کردبوو، زیاتریش لەکارەکانمدا ئەو بوارەی زیاتر گرنگیم پێداوەو لێکۆڵینەوەم تێدا کردوە، کۆمەڵێك بنەماو بەهای بەرزی ئینسانیە، وەك کلتووری کاری خۆبەخش، کە لە کلتوورو شارستانیەتی گەلی ئێمەدا مێژو و قوڵاییەکی فراوانی هەیە، بەلام ئێستا بەداخەوە ئەو کلتوورە وا بەرەو لاوازیی و کاڵبونەوە دەچێ، کە من هەوڵدەدەم چۆن بتوانین ئەو کلتوورە زیندووبکەینەوەو پەرەی پێبدەین، چونکە پێموایە قسەکردن لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی مۆدێرن و مەدەنی بەبێ کاری خۆبەخش لەتوانادا نیەو ئەستەمە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگە پێویستی بە هاوپشتی و هاوکاری یەکترە کەئەمەش بەبێ ئامادەبوونی رووحی کاری خۆبەخش ناکرێ.

*** ئامانجی سەرەکی ئەم رێکخراوە چیە، روونتر ئێوە چ بەرنامەکارێکتان هەیە؟**

**عالیە رەشید:** وەك ئاشکرایە، رێکخراوگەلی زۆر هەن کە لە بوارەکانی ژناندا کاردەکەن، وەك بەرەنگاربونەوەی توندوتیژیی و بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیرییەکان جا چ تەندروستی بێ یان کۆمەڵایەتی و ... ، کە هەر هەموویان پێویستن، بەلام ژمارەیەکی زۆر کەم ئاوریان لە بواری پەروەردەکردنی ئابووری ژن داوەتەوە، یان بەواتایەکی تر دووبارە بنیاتنانەوەی ژن لە بواری ئابوورییەوە، بنیات نانەوەی پێگەی ژن لە رووی ئابووریەوە، چونکە پێگەی ئابوری یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی ژیان، ئێمە لەو روانگەیەوە کە گەر کەسێك لە تاکێکی بەکاربەر (مستهلك) بگۆڕێ بۆ (بەرهەمهێن) (منتج) ئەوە قۆناغێکی یاخود هەنگاوێکی باش بەرەو کۆمەڵگەی مۆدێرن دەبرێ، لە رووی باری سایکۆلۆجی ئەو تاکەشەوە ئەوە هەست بە بوونی خۆی دەکا لە کۆمەڵگادا کە پێگەیەکی هەیە، ئاشکراشە ئینسان چەندە پێگە ئابوریەکەی بەهێزبێ پێگە سیاسیەکەشی بە هێز دەبێ.

هەر لە هەمان ئەم بۆچوون و بیرۆکەیەمانەوە کە ویستومانە گرنگی بەو خانمانە بدەین کە چۆن بتوانن تواناکانیان پەرە پێدەین کە بتوانن داهات و بەرهەمیان هەبێ، لە میانی ئەو پیشەیەی کە فێری دەبێ.

وێرای ئەمانە ئێمەی کورد خاوەن جۆرها پیشەی فۆلکلۆرو کلتورین کە ئێمە دەمانەوێ بە شێوەی نوێ و شارستانی زیندویان بکەینەوە. ئەم رێکخراوە لەلایەن کۆمەڵێك کەسانی پرۆفیشناڵ لە بواری (بزنس)دا، بە ئامانجی دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خانمان دامەزراوە، ئەویش لە میانی بەشداریکردنی خانمانە لە پرۆسەی گەشەکردنی ئابوری و ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەمان.

*** ئێوە خانمان فێری پیشە دەکەن، بەلام ئاشکرایە لە وڵاتی ئێمەدا کێشەی بێکاری هەیە، ئایا ئێوە بیرتان لەوە کردۆتەوە کە ئەو خانمە با پیشەیەکیش بزانێ، ئەگەر کاری دەست نەکەوت، واتە ئەنجامەکان وەکو یەکیان لێ دێت؟**

**عالیە رەشید:** با ئەوە روون بکەمەوە کە ئێمە (اولويەت)مان هەیە، زیاتر ئەو خانمانە دەست گیرۆیی دەکەین کە زۆرترین نەهامەتی و چەرمەسەری بینیوە، یان خاوەن توانایەکی ئەوتۆ نیە یان لە خوێندن دەرکراون، یان ئاستێکی خوێندەواریان هەیە، بەلام هیچ پیشەیەك نازانن، یان خانمانێك لە ماڵەوە دانیشتوون باری ئابوریانیش زۆر خراپە کە بۆ هەریەك لەم توێژانە کاری جیاوازمان کردووە، هەوڵمان داوە لە چوار دیواری ماڵەوە کێشیان بکەین بۆ دەرەوەو بیان کەین بە تاکی ئەکتیف کاتێك کە فێری پیشەیەك بوو توانی بەرهەمی هەبێ، هەوڵدەدەین بازار بۆ بەرهەمەکانی بدۆزینەوەو کاڵاکانیان لە بازاردا ساغ بکەینەوە، بۆ زانین ئێمە خولێکی زۆرمان کردووەتەوە ژمارەی ئەو کەسانەیش کە لەم جۆرە خولانەدا بەشدا بوون و سوودمەند بوونە نزیکەی ٧٥٠کەس دەبن لە کۆی ئەو ژمارەیە ئێمە توانیومانە هەلی کاریان بۆ دابین بکەین نزیکەی ٨٥- ٩٠ کەس بەرهەمەکانیان بۆ دەفرۆشین، هەوڵیش دەدەین ژمارەکەیان بۆ زیاد بکەین.

*** دەکرێ جۆری ئەو پیشانە ئاماژە پێبدەی کە خانمان لێرەدا فێریان دەبن؟**

**عالیە رەشید:** خولی درووومانمان هەیە کە بەشداربوو فێری هونەری دوورمان دەکەین کە ئەویش دوو قۆناغە: قۆناغی سەرەتایی و قۆناغی پێشکەوتوو(متقدم)، خولی چنینی دەستیی، کە بە هەردوو ئامرازی قولاب و شیش دەکرێ، خولی کۆمپیوتەر، کە فێری بەکارهێنانی بەرنامەی کۆمپیوتەر دەبێ، هەروەها خزمەتگوزرای ئەنتەرنێتمان هەیە هەروەها خولی چۆنیەتی گوڵ دروست کردن، ئەویش بەو مادە بەسەر چووانەی کە لە ماڵەوە بێ کەڵك بوونە ئەو گوڵانەی لێ دروست دەکرێ، وێرای خولی چۆنیەتی دروست کردنی خواردن و شیرنەمەنی هەویرکاری (معجنات). بەبەر دەوامیش خولی هۆشیاریی تەندروستی و رابەرایەتیی و کارگێڕیی ( اداره الاعمال الشخصيه) وەك چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دارایی، پاشەکەوتی ماڵ و ....تاد، هەروەها خولێ رۆشنبیریش دەکەینەوەو خانمان فێردەکەین.

سەرەرای ئەوەی کارمانکردووە بۆ پشتیوانکردنی پرسی ژن لەسەر ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی، ئێمە هەوڵماندواە بەیاننامەی (سیداو) کە لە ساڵی ١٩٨٦ ەوە عێراق ئیمزای لەسەر کردووە، بەلام تا ئێستا ئەکتیف نەبووە، هەوڵمان داوە لەگەڵ کۆمەڵێك رێکخراوی داکۆکیار لە ژنان کەمپینێك(حملە) بەڕێبخەین تا ئەو پەیماننامەیە ئەکتیف بێ. هەروەها هەوڵمانداوە لەگەڵ کۆمەڵێ رێکخراوی‌تردا ئەو ژنانەی کە کاری کشتوکاڵی و جوتیاری دەکەن پرۆژەیان بۆ بکەینەوە ...

*** دەکرێ بزانین ژمارەی ئەو خولانەی کە کردوتانەوە چەندە؟**

**عالیە رەشید:** لە ١ /٢ /٢٠٠٨ - ١ /٢ /٢٠٠٩ (٣٨) خولمان کرۆتەوە، (٢٧٠٨) کەسیش بەکاری جۆراو جۆر سەردانیان کردوین کە کەسی وا هەبووە بۆ ناونوسینی خولەکە بووە یاخود بۆ کرینی کەل و پەل بووە... تاد.

*** دیارە کردنەوەی ئەم خولانە پێویستی بە بودجەو تمویل کردنە ئایا ئێوە کێ تمویلتان دەکات؟**

**عالیە رەشید:** ئەم رێکخراوە بە هاوکاری رێکخراوی (PRT) ئەمریکی دامەزراوەو پشتگیری و هاوکاری کردوین کە سەر بە گروپی ئاوەدانکردنەوەی عێراقە. کە تا مانگی ٢ی ساڵی ٢٠٠٩ ئێمە توانیومانە بەهاوکاری ئەم رێکخراوە بەردەوامیی بە کارەکانی خۆمان بدەین، سەرەرای کەسانێك کە خۆبەخش یان کەسانێك کە بە سیفەتی شەخسی کۆمەك و هاوکاریان کردووین، تەئکید لەوەش دەکەمەوە کە ئەم سەنتەرە سەنتەرێکی سەربەخۆیەو سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی و حکومی نیەو هیچ یەکێك لەو لایەنانە پشتگیری ماددیان نەکردووین، بەلام لەرووی مەعنەوییەوە پشتگیری و پشتیوانی زۆیان کردووین.

*** ئایا دەکرێ بری ئەو پشتگیریەی ئێوە کە لە (PRT) وەرێدەگرن بزانین چەندە؟**

**عالیە رەشید:** داوای لێبوردن دەکەم ناتوانم وەلامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، چونکە خسوسیاتی خۆی هەیەو لێپرسراوی ئەو لایەنەش نیم، من بەڕێوەبەری کارگێڕیی (اداری)م .. بۆردێك هەیە لەو دۆسیەیە لێپرسراون.

*** بەرنامەی ئاییندەتان چیە؟**

**عالیە رەشید:** ئێمە لە داهاتوودا هەوڵدەدەین زۆرترین خانمان لە خولەکانمان بەشداری پێبکەین، هەروەها چالاکیەکانمان بەردەوام بەرەو باشترینی بەرین.

*** ئایا هیچ پرۆژەیەکتان لە بەرنامەدا هەیە، بۆ نمونە دامەزراندنی کارگەیەك بۆ ئەو خانمانەی کە فێری پیشەیەك بوونە لێرەو تا لە شوێنێك کۆیان بکەنەوە؟**

**عالیە رەشید:** ئەوەی لە پێشەوە ئاماژەم پێدا ئەوە ستراتیژیەتی کاری ئێمەیە، ...

... بۆ لاپەڕە (٧)



**نەینوک**

## میلاکی مامۆستا گەڕاوەکان !



**هێدی گەلالی**

**ماوەی شەش ساڵە کێشەی نەگواستنەوەی میلاکی مامۆستا کوردە گەڕاوەکانی ناوچە دابڕاوو جێ ناکۆکەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا وەکو خۆی ماوەتەوە لەکاتێکدا هەموو هەوڵێکی بەرپرسانی پەروەردەی هەرێم و ئیدارەی پارێزگاکانی ئەو ناوچانە خراوەتەگەر .**

**بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لەبەڕێوەبەرایەتی پەروەدەی کەرکوك رایگەیاندووە کە لەپرۆسەی ئازادییەوە تاوەکو ئێستا بەردەوام لەهەوڵی رازیکردنی وەزارەتی پەروەردەی عێراقدا بووین، بەلام بە هیچ شێوەیەك بڕوایان بەو مەسەلەیە نییە و هەر جارە و بیانوویەك دەدۆزنەوە، بۆ ئەوەی ئەو ژمارە زۆرەی مامۆستا ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوك کە ئێستا وەکو تەنسیب لە خوێندنگەکانی سنوری پەروەردەی کەرکوك دەوام دەکەن نەگەڕێنەوە سەر میلاکی وەزارەتی پەروەردەی عێراق.**

**کێشەی میلاکی مامۆستا کوردەکانی کەرکوك ئەوانەی مووچەکانیان لەسەر وەزارەتی پەروەردەی هەرێمە و لەپەروەردەی کەرکوك تەنسیبکراون، پێناچێت لەلایەن بەغداوە پەسەند بکرێت، لەو رووەوە بەرپرسە باڵاکانی پەروەردەی کوردی لە کەرکوك پێیان وایە هۆکاری رازینەبوونی پەروەردەی عێراق رەوشی سیاسی و کۆسپ دروستکردن بێت لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، بەوەی بە گشتی لێپرسراوە باڵاکانی پەروەردەی عێراق و تەنانەت بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکوکیش رێگری لەبەردەم گواستنەوەی میلاکاتی ئەو مامۆستا کوردانە دروست دەکەن.**

**لەئێستادا ١٥ بۆ ١٦ هەزار مامۆستای گەڕاوەی ناوچە جێ ناکۆکەکانی کەرکوك و موسڵ و دیالەو سەلاحەدین و خانەقین لەنێوان هەردوو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێم و عێراقدا میلاکی گواستنەوەیان بێ چارەسەر ماوەتەوە ئەگەرچی لەماوەی رابردوودا لە دانیشتینێکدا رایانگۆڕییەوە بەلام بێ ئەنجام بوو ، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەش بەشی خوێندنی کوردی لەکەرکوك رایدەگەیەنێت : بەهۆی زۆری رێژەی مامۆستایانی سەر میلاکی پەروەردەی هەرێم داوا لە وەزارەتی پەروەردەی عێراق دەکات کێشەکە چارەسەر بکات، ئەویش بە گواستنەوەی میلاکاتی مامۆستا گەڕاوەکانی ناوچە جێناکۆکەکان بۆسەر پەروەردەی عێراق، تازەترین ئاماریش دەریخستووە لە سنوری پەروەردەی کەرکوکدا حەوت هەزار مامۆستای ئاوارە گەڕاوەکان میلاکیان لەسەر حکومەتی هەرێمە، چوار هەزاریان لە سنوری خانەقی و چوار هەزاریش لە سنوری سەلاحەدین و موسڵە.**

**نەبەستنی موچەی مامۆستایانی ئاوارە گەڕاوەکانی کەرکوك و شوێنەکانی تری جێناکۆکەکان لەسەر میلاکی پەروەردەی بەغدا هۆکارەکەی هەرچیەك بێت دژایەتیکردنی راستەوخۆ و ناراستەوخۆی پەروەردەی عێراقە بەرامبەر بە خوێندنی کوردی کەرکوك بەوەی هەر لە بنەڕەتەوە پارێزگای کەرکوك و پەروەردەکەی لە روانین و خوێندنەوەی سەرانی عەرەب و ئیدارەی بەغدا شاخێکی سەختە و هاوکێشەیەکی ماتماتیکی سیاسی ئاڵۆزە، ئەگەرنا جێی پرسیار و لێوەستانە لە پرۆسەی ئازادی عێراقەوە تاکو ئێستا کە ماوەی ٦ ساڵە تاکو ئەم چرکەساتەش یەك هەنگاوی پراکتیکی بۆ چارەسەر و یەکلاکردنەوەی میلاکی مامۆستا گەڕاوەکانی سنوری پەروەردەی کەرکوك نەنراوە ، بۆیە دەکرێت بڵێین مایەی شەرمەزاریە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان و کەرکوك کە ٦ ساڵە نەیانتوانیوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن و یەکلاییبکەنەوە .**